# له کوێوه بۆ کوێ ،

# کورد و مەرجەع..!؟

**دارا مەحمود**

دوابەدوای ڕێککەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەسەر دابەشکردنی پۆستە جۆربەجۆرەکانی دەوڵەت و حکومەت لە عیراق و کوردستاندا ، ماوەیەکە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی باس لە دانانی مەرجەع و مەرجەعییەت دەکەن. دیارە ئەوەی کە تا ئێستا خەڵکی چاوەڕوانی دەکەن و پێشتریش ڕاگەیەنراوە ئەمەیە کە بەڕێز مەسعود بارزانی ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام گۆڕینی سەرۆکی هەرێم بۆ مەرجەع هەروا ڕێکەوت نییە، بەڵکو پتر لەواتایەك دەبەخشێت.

جارێ بەر لەهەر شت واژەو چەمکی مەرجەع بەواتای دەسەڵاتی هەرە باڵا و ڕەهای کەسێك یان دەستەیەك. کە ئەمە پتر لەمەزهەبدا باوە تا لەسیاسەت: پاپای ڤاتیکان مەرجەعی کاتۆلیکەکانی جیهانە. و عەلی خامنەیی مەرجەعی سیاسی و مەزهەبی دەوڵەت و شیعەکانی ئێرانە. عەلی سیستانی هی شیعەکانی عیراق و شێخ محەمەد حوسێن فەزلوڵڵا هی ئەوانەی لوبنانە... هەروا هەبوونی مەرجەع بەشێکە لە نەریت و سیستەمی عەشیرەتگەریی کە سەروك عەشیرەت خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهاو وتەی کۆتاییە. و خۆ ئەگەر لەجیهانی سیاسەتیشدا بۆ مەرجەع بگەڕێین لەچەند نموونەی زۆرخراپ بەولاوە شتێکی تر نابینینەوە: معەمەر قەزافی لە لیبیا ڕۆڵی مەرجەع دەگێڕێت کە لەسەرووی یاساو نەریت و هەرپلەو پایەیەکەوەیە... بەڵام لە جیهانی دیموکراسیدا شتێك بەناوی مەرجەع بوونی نییە. مەگەر ئەوەی ئەو مەرجەعە خودی یاساو دەستوور و نوێنەرانی هەلبژێردراوی خەڵکی بێت.

بەگەڕانەوە بۆ پرسیاری سەرەوە، ئایا کاتێك پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم براوەتەوە کە بەر بەڕێز مەسعود بارزانی دەکەوێت ئیتر هێنانە کایەی مەرجەع و مەرجەعییەت چ واتایەك دەبەخشێت..؟

گەرچی هێشتا هەموو هێڵ و سیماکانی ئەم تێزە بەتەواوەتی ئاشکرا نەکراوە، بەڵام بەسادەیی دەتوانین مەبەستەکان لەپشت پەردەو هێڵەشاردراوەکانەوە ببینین.

پارتی دیموکراتی کوردستان دەخوازێ هەر لە ئێستاوە ئایندەیەکی دووری خۆی مسۆگەر بکات و ئەو ئەگەرە لەناو ببات کە لە ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازادو گۆڕانی بارودۆخەسیاسیەکانەوە دەسەڵاتی سیاسی خۆی لەدەست بدات. ئەمەش بەرلەهەر شت بەواتای مۆنۆپۆلکردنی دەسەلات و چوارچێوەدارکردنی فرەیی(پلوراليزم) لە سنووری ڕواڵەت و ڤەوارەگەلی کارتۆنیدا. و لەلایەکی تریشەوە ژیاندنەوەو زاڵکردنی نەریتی خێڵ. کە لەوێدا ئەومەرجەعە دەبێتە خاوەنی وتەی کۆتایی. ودەسەلات لە سنووری تاکە کەسێکدا خڕدەکرێتەوەو ڕۆڵ و کاریگەریی یاساش ئەگەر نەشسڕدرێتەوە ئەوە لەباشترین حاڵەتی خۆیدا دەگاتە هەرە ئاستی نزمی.

لایەنگرانی تێزی مەرجەعییەت لەمەبەولاوەتریش دەڕۆن و چەمکی نەتەوەیش بەو مەرجەعەوە دەلکێنن. واتا نەك مەرجەعی کورد لەباشووری کوردستاندا بەڵکو لەتەواوی پارچەکان و بۆ سەرتاپای کورد. کەئەمە بەرلەهەر

شت لەخۆبایبوونێکی گەلێك زۆری پێوەدیارە. ئاخر ئەگەر بەگریمانە ئەو مەرجەعە لە باشوری کوردستان توانی پاڵپشتێکی یاسایی لەئەنجامی زۆرینەیەکی لاوازی پەرلەمان یان ریفراندۆمێکی ساختەوە بەدەست بخات، لەسەر ئاستی کوردستان چۆن ئەمە بەدەست دەخات. ؟

ئەمڕۆ باشوری کوردستان قەوارەیەکی یاسایی هەیەو ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە هێزەکان لە چیاوە، لەجیاتی خەڵك بڕیار بدەن . و بابەتێکی ئاواگرنگ بکەنە مژاری ڕێکەوتنی چەند پارت و ڕیکخراوی سیاسی.

دیارە هەمیشە دەکرێ چوارچێوەیەك بۆکاری هاوبەش پێکبهێنرێت و هێزەسیاسیەکان گرفتەکانی ناو خۆیان و کێشەگشتییەکان لەوێدا چارەسەر بکەن و هەروا دەکرێ لەپەیوەندی لەگەڵ دەرەوەشدا هاوئاهەنگی و هاوکاری و بەرنامەڕێژی هاوبەش لەئارادابێت. ئەمەیان زۆرشیاوەو لەهەمان کاتدا زۆرجیاوازە لەوەی تاکە کەسێك ببێتە مەرجەع و ئەوانی تریش مورید.

مەرجەعی نەتەوەیی لاساییکردنەوەی ئەزموونی دۆڕاوی بەعسە لەدرووستکردنی سەرکردایەتی هەرێمی و نەتەوەیی(القیادتین القطریة والقومیة).

سوریا بەم هەموو نەتەوە پەرستییەیەوەو بەم هەموو ئەزموونە دووروردرێژەیەوە و لەحاڵیکدا کە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی تەواوو دان پێدانراوە، واخەریکە دەستبەرداری مەرجەعیەتێك دەبێت بۆ بەعسیەکانی لایەنگری خۆی کەساڵەهای ساڵە کاری بۆدەکات و قوربانی گیانی و ماڵی بۆ دەدات.

ئاشکرایە بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی دووکەسایەتی خاوەن پێگەی سیاسی و جەماوەری بەهێزن و لەوەرگرتنی هەرپۆستێکی سیاسی کە لەچوارچێوەی یاساودەستوورو لەهەمان کاتدا لەگەڵ نۆرمەکانی دیموکراسیدا بگونجێت کارێکی شیاووشایستەیە. بەڵام بازدان بەسەر ئەو نۆرمانەداو هێنانەکایەی هەلومەرجێکی نائاسایی بە قووتکردنەوەی مەرجەع، لەباشترین و مۆدێرنترین حاڵەتی خۆیدا لە دیکتاتۆرێك بەولاوە کەسایەتییەکی تری لێ بەرهەم نایەت.

ڕەتکردنەوەی وەها تێزێکیش کەموزۆر پەیوەستەی ئەم یان ئەو کەسایەتی نییە. بەڵکو هەرلە بنەماوە چەوتەو ئەو کەسایەتییە هەر کەسێك بێت جیاوازییەکی نییەو ڕەتدەکرێتەوە.

ئەوەی خەڵکی چاوەڕێی دەکەن سەرۆکێکە بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. کەلەو ماوەیەدا بەسەلاحیەتگەلێکی دەستورییەوە کە لانیکەم دووسێیەمی دەنگدەران پەسەندیان کردبێت و ئەو سەلاحیەتانەش لە هیچ حاڵەتێکدا لەو نۆرمانە لانەن کە لەجیهانی دیموکراسیدا کاریان پێ کراوەو دەکرێت. و لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوەی یاساییش دەست لەکار بکێشێتەوەو کورسی دەسەڵات بۆکەسێکی تر جێبێڵێ. ئەمەیە کە خەڵکی کوردستان و بارودۆخە سیاسییەکەی پێویستییانە. و لەمەبترازێ هەر داهێنانێکی نامۆ، ناتەبایی و کێشەی توندو لەبن نەهاتووی لێ دەکەوێتەوەو ئایندەی هەر هێزێکی سیاسیش کە خۆی لە مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات بەشێوازی نامۆو ناسروشتی خۆشکردبێت چەندە بەتوانا بێت لە دەسەڵاتە ڕووخاوەکانی ڕۆمانیاو گورجستان وئوکرانیا و کرگیزستان.. باشتر نابێت.

موقەدەس نیشاندانی هەرکەسایەتیەك و پێداهەڵدانی کاری کاسەلێسانەو لەهەمان کاتدا کارێکی ناشایست و ناشارستانیشەو بەرلەهەرکەس زیان بەخودی ئەو کەسایەتییە دەگەیەنێت کە دەبێتە هۆی لەخۆباییبوون و شێواندنی دیدی. و لە ئاکامیشدا کەوتنی.